# بەڵێ من توندڕەووم!!

پشتیوان کەریم(سیدصادق)
Pshtiwan_gashbin@yahoo.com

ڕۆژانە زۆرێك لە هاوڕێیان و دۆستان چ ڕاستەوخۆ و چ لەڕێگای ئیمەیل و نامەوە پێم دەڵێنزۆر توندڕەوی ..... بۆیە بەپێویستم زانی جوابێکی گشتگیر بە هەموو ئەو هاوڕێیانە بدەمەوە کە ئەو تێبینیەیان هەیە بۆم چ وەك هاوڕێیەتی و چ وەك ڕەخنە بەڕێزان پێش هەموو شتێك ئەوە دەڵێم توندرەوی ئەو گروپوو لایەنانەی لەدژی بەشەریەت دەجەنگن و تیرۆرو تەقاندنەوە کاری ڕۆژانەیانە دەستیان بەخوێنی ئینسانەکان سورە ئەوا جیاوازیەکی بێهاوتا لەنێوانماندا هەیە ئەوان دژی ئینسان و من ئینسان دۆست.... توندڕەوی من لەکاتی قسە کردنم و نوسینەکانم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك دەبینم نایەکسانی گەندەڵی بێ کاری کرێکاران پێشگرتن بەئازادی سیاسی و ڕادەربڕین ئیتر ناتوانم لەبەرامبەریدا میانڕەو بم . کاتێك دەبینم خەڵك بێخانەو لانەیە خەڵك لەسەرەتایی ترین ماف ڕەوای خۆی بێ بەشە ناتوانم توندرەو نەبم و دەنگم هەڵنەبڕم کەدەبینم قوتابخانەیەك لە سیدصادق کراوەتە شوێنی ئاژەڵ بەخێوکردن لەملاشەوە منداڵان بێ قوتابخانەن ولە دەواجینی مریشك بەخێوکردندا دەخوێنن ئیتر ناتوانم میانڕەو بم.. کاتێك دەبینم بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە پاش ئەو هەموو ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لەکوردستان تائێستا چارەسەر نەکراون ئیتر ویژدانم ڕێگەم پێنادات بێدەنگبم .

کەدەبینم کرێکاران هەموو کۆشکو تەلارەکانی شار بەدەستیان دەنەخشێنن بەڵام تاوەکو ئێستا زۆربەیان

بێخانەو لانەن وە منیش بۆ دیفاعکردن لەم چینەی کۆمەڵ زۆر تونڕەوم ..ژنان وکچانی کوردستان ڕۆژانە خەڵتانی خوێن دەکرێن ئتر میانڕەوی لای من جێگەیەکی بۆ نەماوە..چۆن توندرەو نەبم برامبەر دەسەڵاتێك کەپۆلیسەکانی بۆ حیمایەتی خەڵکانێك بەکار دێنن کە (دوعا)ی خونچە گوڵ بەبلۆك دەکوژن..

لەبەرامبەر هەموو کردەوەیەکی دژی ئینسانیدا بەڵێ توندڕەوم وئەم توندڕەوی و بەئاگا بونەم کۆمۆنیستی کرێکاری فێری کردووم وزۆریش جێگای شانازیە بۆم پێموایە ئیتر کاتی ئەوە نەماوە خەڵك دەست بەکلاوە شڕەکەیەوە بگرێت بۆ ئەوەی بانەیبات ئتر کۆمەڵگا لێواو لێو بووە لەنەهامەتی نایەکسانی .. بەڕێزان دەبێ هەموومان توندڕەو بین لەسەر حەق ومافمان .زۆر بەدڵنیایەوە دەڵێم چاوەڕوانی و پاڕانەوە بەردێك لەجێگای خۆی لەق ناکات .

تەنهاو تەنها هەڵسوڕان و ڕێکخراوبونمان دەتوانێ دەور بگێڕێ لەداهاتوویەکی باش بۆمان